

# گەردەلوولی خۆشەویستی ...هۆنراوەی شالاو لە سوێد

ئەی ئاوێنە شکاوەکەی وەرزی پایز
چیتر نەکەی لەگەڵ
گەردەلوولی ئەم خۆشەویستیەتازەم
درۆ بکەی
نەهێڵی با
پرچی ئاڵۆزی
هۆنراوەم لێ تێک بدا ...
نەهێڵی با
بێ دەنگی ناو گڵێنەکانی گوڵی سوور
بخاتە بەر
زوڵمی ڕەهێڵە بارانێ ..
با نیشتیمانم
فرمێسکم بۆ هەڵنەڕێژێ
من ونیشتیمانم وەکو دوو بروسک واین
تا دێ لێک دوورتر دەکەوینەوە
ئەی جوانترلە دڵی خۆم و خۆشەویستتر
ئەی ئەو شەونمە تەڕەی
کە شەوگوێت بۆ دەگری تا بەیانی
وەرە با منیش توێنێتیم بشکێنم
بە چاوە نێرگزیەکانی نیشتیمان
وەرە با منیش دڵی خۆم خۆش بکەم
بە پێکەنینەکانی نیشتیمان
ئەی گەرمتر لە ناخم
هەتا زووە خۆت بکە بە باوەشی پەلە هەورێ

یان له سەر سنگی بەردێکی
ئەم نیشتیمانە خاوێنە
سەنگەرێ دامەزرێنەو
منیش گیان فیدای تۆم
ئەی غەریبتر لە نووسینەکانی ئاشقێکی بێ لانەواز
ئەی بێ کەستر لە هۆنراوەیەکی
گەرمی بێ تاسەو بێ ئاواز
ئەی وون بووی نێوان ئەستێرکان و
ئەی ئەلفو بای ناو هۆنراوەو
ئەی پیتەکانی ڕێزمان ...
ئەوڕێگایەی هەڵمدەگرێ و دەمخاتە نێو
پرچی ئاڵۆزی گیاو
گوێی گرانی پنچک پنچکی گژەوە
من ناتوانم
پەنجەکانم لەگەل خۆمدا
ببەم بۆ سەر کەناری ڕوباری
من ناتوانم پەنجەکانم
بکەم بە ئەندێشەی شەوانم
لە ناخمدا گڕێک بەردەوام دەسوتێ
شیعرێک ئاگری تێ بەر دەبێ
هەرچی ووشەی زامدار هەیە
ماڵ وێرانەو دابڕ دابڕ لێک دوور کەوتوون ..
ئەوە بایە و باڵەکانم تێک دەشکێنێ
هەڕەشەی عەشق دەچێنێ
ئەو ڕوبارەی هەڵیگرتووم
بەرەو لێژاوی تاڤگەدا هەنگاو دەنێ
گێژەلووکەی تۆفان دێت و
پەڕی دەفتەری شیعرێکم دەخنکێنی
من باڵدار نیم
بفڕم بۆ دیارو نادیارێ
من هەور نیم
هەرشوێنێکی کە بمەوێ
بارانم لێ هەڵبوەرێ و فرمێسکم لە چاو بباری
بانگت دەکەم
چاوەکانت قەت دامەخە و
نەکەی سەرخەوێ بشکێنی
دانیشە بەدیار هۆنراوەی
پڕ ئەشک وتەنیاو تاری من
تا ئەوکاتەی

**گوڵی سووری گڵینەی چاوی پڕ شیعرم**
**لێک ئەنێم من بەیەکجاری**
**ئەوساش گوڵم دڵنیا بە**
**جێت ناهێڵم ...بەیەکجاری ...**

shallaw1@hotmail.com